بۆ بەریزان :

مام جەلال تالەبانی/ سەرۆکی کۆماری عێراق
کاك مەسعود بارزانی / سەرۆکی هەرێمی کوردوستان
کاك عەدنان موفتی / سەرۆکی پەرلەمانی کوردوسستان
هەردوو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردوستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان

سلاوێکی بێ پایان

بەناوی کۆنگرەی نەتەوایەتی کورد لە ئەمەریکای باکوور (KNC) پیرۆزبایی لە میللەتی کوردو سەرکردایەتی هەردوو حیزبەکە دەکەین بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەردوو حکومەتەکە کە لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە گەلەکەمان بە هیوای ئەم هەنگاوە پیرۆزەیە٠

هیوادارین کەئەم یەکگرتنەوەیە سەرکردایەتی کورد بەهێزتر بکات بۆ چەسپاندنی مافە رەواکانی میللەتەکەمان و بە تایبەتی گەراندنەوەی شارەکانی کەرکوك و سنجار و خانەقین و هەموو پارچە داگیرکراوەکانی تر بۆ ناو باوەشی کوردوستان٠ وە چاوەروانین لە حکومەتی یەکگرتوو کە بتوانێت داواکاریەکانی گەلەکەمان بەجێ بهێنێت کە بە چاوێکی تیژ و دەستێکی پۆلایین بکەوێتە مەسەلەکانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و نەهێشتنی گەندەڵی لە کۆمەڵگاکەماندا، چونکە تەنها میللەتی بەهێزو یەك دەنگ ئەتوانێت داوای سەربەخۆیی بکات٠

وە ئێمەش لە هەموو کاتێکدا ئامادەین بۆ هەر کارێك پێمان بسپێربدرێ لە پێناوی خزمەتگوزاری گەلەکەمان و ئیتر هەزران سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردوستان ، و بژی کورد و کوردوستان

سەرۆکی (KNC)
د٠ سامان شالی

ئەمەریکا\ ١٠-١-٢٠٠٦